سەرۆک کۆمار سەردانی مەزەخانەی شوێنەواری لەشاری لیماسۆلی قوبرس کرد

لەچوارچێوەی سەردانە ڕەسمییەکەیدا بە کۆماری قوبرس، سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید سەردانی مەزەخانەی شوێنەواری لە شاری لیماسۆل کرد.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی سەرۆکایەتی کۆمار لەکاتی سەردانەکەدا، کە ئەمە دووشەممە 11-12-2023 سەرۆک کۆمار ئەنجامی دا، لەلایەن بەڕێز دکتۆر فاسیلیکی کاسیانیدە جێگری وەزیری ڕۆشنبیریی قوبرسەوە پێشوازی لێکرا.

سەرۆک کۆمار بەشێکانی مەزەخانەکەی بەسەرکردەوە و ڕونکردنەوەی پێویستی لەبارەی پارچە و پێکهێنەرە شوێنەوارییەکان پێشکێشکرا، کە دەگەڕێتەوە بە چاخی بەردینی کۆن و چاخی بەردینی نوێ و پارچەی وەک دەفری گڵی و خشە و پێکهێری سەردەمی یۆنانی و ڕۆمانی لەخۆدەگرێت.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لەسەر بایەخی ڕەگەزی کولتوری و مێژوویی قوبرس و ئەو شارستانیەتییە بەرهەمیهێناوە و دەوڵەمەندە بە هونەر و ئەدەب لە میراتی مرۆیی جیهانیدا. هەروەها خواستی خۆی دەربڕی بە بەهێزکردنی ئاستی پێوەندییەکانی نێوان قوبرس و عیراق بە چێسپاندنی پێوەندییەکانی دەستایەتی و پتەوکردنی دیالۆگی شارستانیەتییەکان، کە هەردوو وڵات و گەلی دەست کەدەکاتەوە.

هەروەها سەرۆک کۆمار ئومێدی خواست بەرپرسان و کارمەندانی مەزەخانەکە سەرکەوتنی زیاتر لە

کارکانیاندا بدستبهنن.